

# کەزیەکانت دووبارە دەڕوێنەوە ...

shallaw1@hotmail.com هۆنراوەی شالاو

به بیرت دێ
له سەر هێلی نەخشەکانی نیشتیمانم
چۆن دەنووستین !
به بیرت دێ
لەژێر پیتی ناوەکانی دۆڵ وچیای
کوردستانم
چۆن باوەشمان له یەکتری دەتواندەوەو
دەبووین به تەم !
من زۆر جاران نیشتیمانم دەکرد به گۆڕەپانی یاری و
تۆش پرچی خۆت قەف قەف دەکرد
له بەر دەستم
بەهەردوکمان نیشتیمانمان ڕادەماڵی
له ئێش وخەم
نەمدەزانی نەبەتیشکی ڕۆژی ئالا یاری بکەم
نه بەداوی کەزیەکەی تۆ
گەلێک جاران پرچی ڕەشی قەترانی شەو
داو داو دەبوو به زولفی تۆ
له بەرچاوم
قەف قەف پرچی ڕەشی تۆشم
لێ دەبوو به نیشتیمان و
هێدی هێدی خۆی لوول دەدا له گەردەنم
پێ ی دەگوتم .. من تەنها بۆ تۆ ڕواوم
من تا ئیستاش دڵنیا نیم
ئەتۆو نیشتیمان یەک نەبن

ئەی نیشتیمان !
تۆ بیرت دێ ئەوساتانەی
لەسەر گازەرەی پشتی تۆ ڕادەکشاین
بن درەختێکت نەمابوو نەیکەین بەوار
گاشەبەردێکت نەمابوو
نەیکەین بەسەرینی ڕوبار
شەوێکی تاریکت ناما
کە پرچی درێژی نەبڕین
تۆ بە لێوەکانی من پێ دەکەنی
ئەی نیشتیمان
منیش بە لێوەکانی تۆ پێ دەکنیم
لە ڕۆژانی بەفرو زریان
دوای ساڵێ دوای دووساڵ دوای دە ساڵ
گەڕان بەدوای داو داو بۆنی پرچەکانت
گەڕامەوە شوێنی جاران
هەمان با بوو منی هەژان
هەمان شوێن بوو منی لە ئامێز دەگرت و
لەپاش تۆ تەمەن نەماوە لە بیرم ..
هەر ئەوەندەم لە بیرە
کە پەنجەکانم
خەویان لێ دەکەوت
لە لاپاڵی ئەم دەوەنە و ئەم چیایە
ئەم چیایە .. هێشتان هەموو شتەکانی لە بیرە
چیا هیچی لە بیر ناچێ ..
هەر ئەم ڕۆژە هەور گریا و بارانی ڕشت
تیشکی خۆریش خۆی خستە باوەشی پەڵە هەور
من و تۆش یەکترمان لە باوەش گرت و بۆ چەند ساتێک
لە ناو ناخی یەکتریدا تواینەوە
ئێمە هێدی هێدی دەتواینەوە و
بارانیش تەڕی دەکردین و
زیاتر دەیتواندینەوە
لەو ساتەوە
هەموو ڕۆژێ من
پەڵە هەور نەماوە لێی نەپرسم
لوتکە ناماوە لێ ی نەپرسم
لە هەناسەکانی خۆر دەپرسم
لە چلە ڕەیحانەکانی قژت دەپرسم

که پێش چەند ساڵ لەم هەوارە بەجێ مابوو
ئەوەکەزی و بسکی تۆیە
وەها ئاڵۆزو گرژنە
یاخود ئاڵای نیشتیمانە و ڕەنگەکانی لەیەک دوورە
ئەوە تیشکی چاوی تۆیە
وەها تاریک ولێخنە
یاخود تەمی
تازە هەڵچووی سەر سنوورە
زویر مەبە
لە ناخی خۆت
هەرچی پێم کرا بۆم کردی
تەمەن ڕۆژ ڕۆژ
تەنها گەران بوو لە دوای تۆ
دلۆپ دلۆپ ئاوی دەریا نەماوە
لێ ی نەپرسم
گەڕان بە دوای
تەلیسمەکانی چاوی تۆ
گەڕان بەدوای دەریایەکانی چاوی تۆ
بۆ ئەوەی بتوانم تێنوێتیم بشکێنم
گەڕان بە دوای بەهاری چاوەکانت
تا هەموو ئاواتەکانم نەبن بە سەراب و خەیاڵ
هەتا دوێنێ
من هۆنراوەیەکی خوێناو بووم
لە سەر لووتکەی چیا نەبا
نەمدەزانی  پتەکانم لەیەک بدرووم
هەتا دوێنێ
من دوو دلۆپی باران بووم
لەناو چاوی خۆشەویستی تۆ نەبایە
نەمدەتوانی
ساتێک بنووم ...
ئێستاش هاتووم
دەپێم بلێ ... تۆ هەمیشە قەڵەمێک بووی
شیعرت لەناو سیەکانم دەنووسیەوە
تۆ هەمیشە ڕۆمانێک بووی  ...
گشت وڵاتت دەخوێندەوە
چی تۆی لێرە ڕواندووە
کە تۆ نێرگزی بنار بووی
لە باهاران دەهاتیە دەر

چی تۆی لێرە ڕواندوە
لەم ساکە گۆڕە تاریکە
کە تۆ چرای ژێر دەوار بووی
ئە وەکەزیت دەناسمەوە
هێشتان لوولە و
لێک ناکەوێ
من دڵنیام رۆژێک دادێ
دەڕوێتەوە
کاتێ خۆری نیشتیمانی
بەفرو لووتکەی بەردەکەوێ ....